# یادداشتی ڕێگاکانی غوربەت

## لەهەولێرەوە بۆ سەڵماس و چیرۆکی سەیدەکە



ئاری عەبدوڵلا ـ سوید

پاش ئەوەی شەڕی ناوخۆ ژیانی گەلەکەمان و هەرتاکێکی کۆمەڵگاکەمانی کردە دۆزەخ، زۆرێك لە خەڵکی کوردستان بەرەو هەندەران کۆچیان کرد. منیش یەکێك بووم لەم خەڵکانە. پاش ئەوەی دووجار گیرام لە مردن رزگارم بوو، هەرچەندە هیچ ئینتمایەکی حزبیشم نەبوو، لە دواجار بڕیارمدا وڵات جێبهێڵم. لە هاوینی ساڵی ١٩٩٧بوو، رۆژێك پێش سەفەرکردنم خواحافیزیم لە هەندێك هاوڕێو کەسوکارم کرد، بەڵام ئەوەی سەرنجی راکێشام و هەتا دوارۆژی ژیانم بیرم ناچێتەوە قسەکانی دایکم و دیمەنی باوکم بوو، کە بەباوکمم وت سەفەردەکەم. بە دیمەنی دەموچاوانی زۆری پێناخۆش بوو، بەڵام چاری نەبوو، چونکە دێوەزمەکانی شەڕی ناوخۆ، ژیانیان لەخەڵك تاڵکردبوو، دەستی کرد بەگریان، چونکە دەیزانی بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەچم، رەنگە جارێکیتر نەمبینێتەوە، بەڵام لای چاکتربوو لەوەی ببین بە خۆراکی شەڕی ناوخۆ، رۆژێك پێش سەفەرکردنم دایکم پێیوتم( ئاری) ئەمرۆ دۆڵمەت بۆ لێدەنێم، چونکە رەنگە جارێکیتر نەتوانی دوڵمەی دەستی من بخۆی، پێی وتم حەزدەکەم ئەمشەو لە باوەشم بنووی تێرتێربۆنت بکەم، نەبادا جارێکیتر نەتوانم لە باوەشت بکەم و بۆنت بکەم. هەرچەندە من گەورەبووم، بەڵام هەندێك دایك و باوك هەرگیز هەست بە گەورەبوونی منداڵەکانیان ناکەن، راستە هەندێك وشەی ساکاربوون، بەڵام بۆ من زۆر بەهێزبوون هەموو کاتێك دەمهەژێنن. ئەو شەوە هەتاوەکو بەیانی دیمەنی باوکمو وشەکانی دایکم لەخەیاڵم دەخولانەوە.. هەتا بەیانی خەوم لێنەکەوت، بیرم لەوە دەکردەوە چەند سەختە بۆ دایك و باوك تا منداڵێکیان گەورەدەکەن، بەڵام مرۆڤە دڕندەکان رێز بۆ هیچ بەهایەکی مرۆڤ دانانێن. بۆ بەیانی لەگەراجی(کۆیە) هەمووومان لەگەڵ دوو قاچاخچی ئامادەبووین. ئەوکاتە بە پارە وەرەقەی ئاسایشمان کرد بۆ ئەوەی بەرەو کۆیە بڕۆین، چونکە ئەوکاتە بڕینی سنوری نێوان یەکێتیو پارتی زۆر لە بڕینی دیواری بەرلین سەختتربوو. گەیشتینە سنووری یەکێتی، وامزانی نیوەی رێی ئەورووپام بڕیوە! چونکە ئەوەندە مەترسیدار بوو هەرچەندە بەڵگەی ئاسایشمان پێبوو، بەڵام خەڵك لە هەردوو لایان دەترسان، چونکە مرۆڤی وا درندە هەیە لە سەر شتێکی بچووك لای ئاساییە ژیان لە مرۆڤ بستێنێ! پاشان بەرەو قەڵادزێ بەڕێ کەوتین پاشان بەرەو( هێرۆ) بۆ من دیمەنی زۆرجوانو خۆش بوون، چونکە من لە شار گەورەببوومو ژیانی ناو لادێو شاخانم نەدیبوو، بۆ من زۆر سەرنج راکێش بوون تا گەیشتینە سەرسنوورو لاماندا بۆ چایخانەیەك کە قاچاخچیەکان بەکاریان دەهێنا، هەندێك نانمان خوارد کەمێك پشووماندا.. تاوەکو هەندێك درەنگ دابێت بۆ بڕینی سنوور. کابرایەکی بەتەمەنمان لەگەڵ دابوو پێیوتین کوڕینە ئێستا بەرەو ئێران دەڕۆین رەنگە بکەوینە ناو کەمینی ئێرانی ژیان لە دەست بدەین. کاغەزێکی دەرهێنا وتی: ئەمە ئایەتی قورئانە هەموتان لە دوام بڵێنەوە تاوەکو خوا بمانپارێزێ، ئەوەی باوەڕی پێبوو یان نیمچە باوەڕ لە دوای دەخوێندەوە، پاشان ئەم کابرایە وتی: من بۆ سێکسو خواردنەوە دەچمە ئەورووپا! پیرە ئایەتی قورئانی بۆمان دەخوێندەوە! پاشان گەیشتین بە سنnoورە دەسکردەکەی نێوان کوردستانی باشورو رۆژهەڵات، سەیری دیمەنە جوانەکانی کوردستانم دەکرد جێگای سەرسوڕمانم بوو، چونکە من هەم کوڕی شاری بووم هەم جیۆلۆجی بووم، لەدوولا بۆ من جێگای سەرنج راکێشانم بوو، دیمەنەکانی زۆرجوان بوون، سەیری شاخەکانم دەکرد کە چۆن چینەکانی زەوی ئەم شاخانەیان دروست کردووە. تا گەیشتینە گوندێکی زۆرجوان کە ئەیڕوانی بەسەر سەردەشتدا، ئەو شەوە لەو گوندە نوستین، بۆ بەیانی بەرەو(سەردەشت)و پاشان (بۆکان)و (ورمێ)و (سەڵماس) بەڕێ کەوتین، گەلێك بازگەی پاسدارانی ئێرانیمان بڕی، هەرچەندە زۆر ناخۆشبوو، لەوە دەترساین گەر داوای بەڵگەمان لێبکەن تووش دەبین، چونکە دەگیراین هیچ بەڵگەیەکمان پێنەبوو، لەم کاتانە بیرم لەمە دەکردەوە ئەمە دوژمنەو لاتمانیان داگیرکردوە و بازگە دادەنێن بۆ ئەوەی رۆڵەکانی نیشتیمان بگرن و لەناویان بەرن، بەڵام ئەی بازگەکانی خۆمان بۆ وا لەم خەڵکە دەکەن خۆ هەموو هاوزمانین؟ پاشان لە(سەڵماس) ئێمەیان تەسلیم بەهەندێك قاچاخچی کرد، بۆ ئەوەی بەرەو سنووری بە شێکی تری نیشتیمان بمانبەن. کە گەیشتینە سنوور وتیان دەبێ ئەم چیایە ببڕن، ئەو شەوە قاچاخچیەکان وتیان:"کێ ناتوانێ پێمان بڵێ؟ هەموو وتمان دەتوانین، بەڵام منی کوڕە شاری، راستە هەتاکو ساڵی ١٩٩٢ لە رێکخستنەکانی کۆمەڵە کارم کردبوو، بەڵام پێشمەرگایەتیم نەکردبوو، تاکو لە چۆنیەتی سەرکەوتنی چیا فێربووبم. هەرکە وتیان با سەرکەوین هەموومان بەرەو قەدپاڵی چیا رۆیشتین، ئەوەی کوڕی شاخ بوو و پێشمەرگایەتی کردبوو وەکو ئاسك سەردەکەوت، بەڵام من پاش نیوسەعات سەرکەوتم پەکم کەوت، وتم بەخوا ناتوانم، پاشان هەندێکی تریش وتیان سەختە ناتوانین. ئەو شەوە ماینەوە بۆ ئەوەی ئەسپ و هێسترمان بۆ ئامادەبکەن، پاش سێ رۆژو سێ شەو مانەوە لەسنوور رۆژانە خۆمان لە ناو دارستان دەشاردەوە، بە شەو قاچاخچی خواردنی


هەولێر

بۆمان دەهێنا، لەو ماوەیە فڕۆکە مەدەنیەکان بە ئاسمانی ئەو ناوە تێدەپەڕین، خەونم ئەدی ئەموت دەبێ رۆژێ سواری ئەم فڕۆکانەبم‌و لە ئەوروپا بۆ کوردستان بگەڕێمەوە؟ ئەم خەیاڵە بۆ هەندێك بوو بەڕاست، بەڵام بۆ من و سەدانی وەکو من تاکو ئێستا هەر خەونە. بۆ رۆژی چوارەم چەند قاچاخچیەك بە خۆیان‌و وڵاغەکانیان هاتن لە سەرەتاوە وتیان بە سێ ملیۆن لیرە دەتانبەین، پاشان کە زانیان پەکمان کەوتووە ناتوانین ئەم شاخانە ببڕین، داوای شەش ملیۆنیان کرد، بەناچاری پێماندان، ئەم قاچاخچیانە ئەوەندە زیرەکن بۆ روتاندنەوەی خەڵك، بەڵام گەمژە لە رووی هەڵخەڵەتانەوە لە رێی ئاینەوە، زاواییێکم لە گەڵم دابوو پێیوتم (ئاری) ئێستا منیش فێڵیان لێدەکەم، خۆم دەکەم بەسەید. چووە لای سەرۆکی قاچاخچیەکان، وتی من سەیدم ئەوەش ئامۆزامە سەید (ئاری) یە، ئەو کابرایە ئەوەندە ساویلکەبوو لای وایە ئەوەی سەیدبێ دەبێ بیپەرستێ؟! ئێوارەی چوارەم رۆژ بەڕێ کەوتین بەرەو لادێیەکانی کوردستانی باکور. یەکەم جار بوو من سواری وڵاغ ببم، نەمدەزانی وڵاغەکە لێبخورم، بۆیە لە دواوەی قاچاخچی سواربووم لە رێگا کەوتینە ناو بۆسەی پاسداران بەخێرایی وڵاغەکەی لێخوڕی، منیش نەمدەتوانی خۆڕاگرم خواردەبوومەوە چی نەمابوو خۆم‌و قاچاخچی بخەمە خوارێ، بەیانی گەیشتینە یەکەم گوندی کوردستانی باکور. دوو رۆژ ماینەوە، بەڵام من وەزعم زۆرخراپ بوو، لەشم ببووە برین لەبەر ئێسکی پشتی ئەسپەکە. ئەو بەیانیە تاوەکو نیوەڕۆ نووستین، پاشنیوەڕۆ سەرۆکی قاچاخچیەکان هاتە لای زاوایەکەم، وتی: سەید دەتوانی نوشتیەکم بۆ بکەی حەزم لە ژنێکە بەڵکو دەمدەنێ، تومەز ئەم شەوە کابرای قاچاخچی لە خەیاڵی دەزگیرانەکەی بوو، بەڵکو سەید (محمد) نوشتەیەکی بۆبکات، ماڵی دەزگیرانەکەی رازیبن. هەرخەریکی خۆ نزیککردنەوە بوو لە زاواکەم، لەرێگا قاچاخچیەکان گاڵتەیان بە یەکێك دەکرد کە تورکمان بوو. زاواکەم شەقێکی لە قاچاخچیەکەدا کەشەری پێ دەفرۆشت، بۆیە بووە شەڕمان، بەڵام سەرۆکی قاچاخچیەکان دەیوت:"کەس دەست لە سەیدی نەدات دەنا گوناحمان دەگاتێ". زاواکەم وتی:"کاغەزو قەڵەمێکم بۆ بێنە تاکو نوشتەیەکت بۆ بکەم" پاشان قاچاخچیەکە چوو کاغەزو قەڵەمی هێنا (سەید محەممەد) نوشتەیەکی بۆ کرد. هەر لەخۆڕا هەندێك شتی بۆ نووسی، وتی:"ئەمە لە ناو ئاوێك بکە هەوڵبدە ئەو ئاوە بدەیتە باوکی کچەکە تاوەکو رازی دەبێ، قاچاخچی لە خەنی خۆشی نوشتەکە پێی ئەرزی نەدەگرت، ئەوەندە دڵی خۆش بوو، وایدەزانی بەدەستهێنانی کچەکە بۆی مسۆگەر بووە.

**کچی ناو پاسەکە سوکایەتی پێکردین:**

شەوێك بەڕێیان کردین بۆشاری (وان) بەیانییەکی زوو گەیشتینە شار، لە خانوویێك دابەزین خاوەن ماڵەکە زۆر مرۆڤێکی پوولەکی بوو، بۆ پارە هەموو شتێکی دەکرد، بۆ رۆژی دوایی قاچاخچی بلیتی ئەستەنبۆڵی بۆ کڕین‌و بەڕێکەوتین، بەڵام لە یەکەم شار پاش (وان) لە بازگە دایان بەزاندین (کملك)مان پێبوو، کە هەویەی جەبهەتی تروکمانی بوو، وتیان بۆکوێ دەچن؟ وتمان بۆ گەشت دەچینە ئەستەنبۆڵ، بەڵام کە گیرفانەکانیان پشکنین تەنها دووسەد دۆلاریان دۆزیەوە، وتیان بە دووسەد دۆلار گەشت ناکرێ، ئێمەیان بۆ (وان) گەڕاندەوە، هەفتەیەك لەوێ ماینەوە تاکو چەند جەوازێکی عێراقیمان دەستکەوت، تەزویرمانکرد و پاشان بەرەو ئەستەنبۆڵ بەڕێکەوتین، بەڵام دیاربوو کە تەزویرە، بۆیە دیسان گیراینەوە. قاچاخچیەکە لەگەڵ شۆفێری پاسەکە رێککەوتن کە هەر نەفەرەی

(٥٠٠٠٠٠٠ پێنج ملیۆن) لیرەی زیاتر بدات. ئەو لەگەڵ بازگەکان رێکدەکەوێ، بەم حاڵە لەبازگەکانی دەوڵەتی تورکیا رزگارمان بوو. لە



ئەستەنبۆل

ڕێگا لەناو پاسەکە هەستمان بەئیهانە کرد، ئافرەتێکی تورك لەناو پاسەکە چای دابەشـدەکرد، لەگەڵ هەندێك شـتیتر و بۆنیشی لەو ناوە دەپرژاند، ئافرەتێکـی زۆرجـوان بوو، بەڵام دیار بوو کە چەند ڕەگەزپەرسـتە. کە گەیشـتە لای ئێمـە لە ڕیـزی دواوە دانیشـتبووین، گەڕایـەوە بۆنی لە دەستی ئێمە نەدا. هەرچەندە دوور دەکەوتینەوە معاناتمان زیاتر دەبوو. لەو کاتانەی کە بە ناو خاکی کوردسـتانی باکور تێدەپەڕین ئەم شـاخ و شارانەمان دەبڕی لە لایەك هەستم بە خۆشی دەکرد، بەشێك لەجەستەی نیشـتیمانی دایکمـان دەبینی، بەڵام لـە لایەکیتر زۆر ناخـۆش بوو، کە سـوپای داگیرکەری تورك ئەم هەموو سەربازگەیەی لە کوردستان دروست کردبـوو، ڕووی تـۆپ و تانکەکانی لە چیایەکان کردبوو، کە گەیشـتینە (ئەسـتەنبۆڵ) وامان هەسـت دەکرد گەیشـتینە ئەوروپا، بۆ هەندێك کەس ناخۆشـیەکان دەسـت پێدەکات، بەڵام بۆ هەندێك کەس کە پارەی هەبوو یان بەڕێگای(ئیبراهیم خەلیل) گەیشـتبوون ژیانیان خۆشـتربوو، بەڵام بۆ من کۆڤانەکان لەوێوە دەسـتیان پێکرد. لە کەلاوەیەك نوسـتین دوو سـێ ڕۆژ پاشان لەگەڵ قاچاخچیەك ڕێککەوتم کە لە کۆلێجی زانست لەگـەڵم بوو، بەڵام لەسـەر ئاوی گـەورە، نێوان تورکیـا و یۆنان لەگەڵم بێوەفا بوو. نزیکەی هەفتەیەك لەشـوقە بووم، پاشان ئێوارەیەك سواری لۆریەکیـان کردین وەکو مەڕو ماڵات نزیکەی (٨٥)کەس دەبووین، بەژن‌و پیاو منداڵ هەموومان بەسـەر یەکتریـدا کەوتبووین، پیاوێکی قەڵەو لە سـەرقاچم دانیشتبوو، چەندی هەوڵمدا لە گەڵی بەڵکو لەسەر قاچم لاچێ، بەڵام نەیدەتوانی، چونکە خەڵکیتر لەسـەر قاچی ئەویش دانیشـتبوون. قاچم سڕببوو وام هەستکرد بێ قاچم، پاش چەند سەعات ڕۆیشتن ئینجا لۆریەکەیـان ڕاگرت، وتیان دەی خێراکەن بـە خێرایی دابەزن هەموومان قاچمـان سـڕببوو، نـازانم چـۆن توانیم بێمە خـوارێ، بە شەلەشـەل هەموومان کۆڵەپشـتمان هەڵگرت و بەرەو ڕێی یۆنان بەڕێکەوتین. وەکو مێرووله ڕێچکەمان گرت، لەنزیك سـنووری یۆنان لە دیوی تورکیا خەڵك خەریکی برنج چاندن بوو ئێمەش دەبوایە بەناو مەرەزەی برنج بڕۆین، زێیەکـی بچوکمان بڕی بۆنێکی ناخۆشـی لێدەهات، پاشـان زانیم ئەمە پاشـەڕۆی شـارەکانی ئەم نزیکانە بووە. گواوەکەی هەتـا نزیك دەممان هاتبوو، هەندێك چووبووە ناو دەمیان، بە هەرحاڵ گەیشـتینە سەر ئاوی گـەورەی نێوان تورکیـاو یۆنان. تەنها هەندێك کـەس پەڕینەوە ئەودیو ڕووبـار، جەندرمە کەوتنەسـەرمان هەندێك خۆی لە ئـاودا، منیش لە سـەر ئەوە بووم بپەڕمەوە کە جەندرمەکان هاتن، بۆیە کۆڵە پشـتەکەم کەوتە نـاو ئاوو فەوتا، ئێمەیـان گرت بەرەو سـەربازگەیەکیان بردین، هەموو لەشمان تەڕی و پیسـی بوو، تاکو نیوەڕۆی ڕۆژی داهاتوو، لەژێر جەمەلۆنێکیـان داناین، هەموومان لە سـەرمان ڕەقببوینەوە، نەشـیان دەهێشـت بچینە بەر ڕۆژەکە، بۆ ئەوەی وشك نەبینەوە. پاشان ئێمەیان بەرەو شـاری (ئەپسەلە) برد، بۆ تەحقیق لە خانوویەك دایان بەزاندین، کوردێکـی تورك زمانـی لێبوو، ناوی (ئادەم) بوو هەتا بڵێی ئینسـانێکی دڕنـدە بوو، کەس نەبوو ئیهانەو لێدان بەدەسـتی نەخوا، من (١٠)هەزار درەخمەی یۆنانیم هەڵگرت و پارەکەی ترم وەکو حەب لێکردبوو، هەرکە گیراین لە ترسـی لێستاندن ڕاسـت خواردم. ئەوەی بیوتایە پارەم پێنیە لێدانی دەخوارد، شـەو هەموومان لە حەوشـەی خانووەکە نووستبوین، لە سەرچیمەنتۆکە هیچیشمان پێنەبوو لەسەری بخەوین، یان بەخۆمانی دابدەیـن، تا لە سـەرما بمانپارێزێ، یەکێکم لە تەنیشـت پـاڵ کەوتبوو قسـەیەکی سـەیری کرد، منیش پێکەنیم، جەندرمەکـە وایزانی ئەوە پێدەکنێ شەو بوو تاریك بوو، ڕایکێشاو بردی زۆری لێدا.. ئەوهەر دەیوت من نەبووم.

---

کۆتایی بەشی یەکەم